# چاوپێكەوتنی سامان كەریم

## لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی ناوخۆ NNA

**پێشەكی و تێبینییەك:**

ئـەم چـاوپێكەوتنە تـا ئێـستا بـلاو نەبۆتەوەكـە بـەم شـێوەیە ڕونیدەكەمـەوە: نامـەی یەكـەم كەلـە خـوارەوە هـاتوە 2007/4/19 بەدەستم گەیشتو پرسیارەكان لە ڕۆژی 21/4دا گەیشت. من لـە 5/6دا وەلامـی پرسـیارەكانم بـۆ ناردنەوە لە گەڵ نامەیەكی كورتدا واتە وەلامەكانی من كەلەم چاوپێكەوتنەدا ڕۆشنكراوەتەوە هی 2 مانك لەمەوبەرە..

## خوێنەرانی خۆشەویست:

ئەوە نمونەیەكی هێجگار سادەو بچوكە لە ئازادی بێسنوری دەسەلاتی ناسیونالیزمی كوردو ڕاگەیاندنـەكانیان.، خۆیـان نامە دەنیرن و داودەكەن، بەلام لەبەر ئەوەی سیاسـەت و بۆچـونەكان جیـاوازن جورئـەتی ئـەوەیان نیـە كـە بیخەنـە سـەر سایتەكەیان، بەتایبەت كاتێك داوالەكەسیك بكریت كە چاوپیكەوتن بكـات و لـە پێشەوە ڕۆشـنە كـە ئەوكەسـە ی خۆتـان هەلتان بژاردوە موخالفە بە سیاسەت و بۆچونی ئێـوە. كەوایـە یـا چـاوپیكەوتن مەكـەن لەگـەڵ هـیچ كەسـیكی موخـالف بەخۆتاندا یا ئەگەر كاری وا دەكەت لوتفەن پەیمانەكانی خۆتان جێبەجێبكەن.

من ناوی ئەو دۆستە ناهێنم و بە "هەوالنیر" ئاماژەی پیدەكەم، بلاونەبونەوەشی لـە ئەسـتۆی ئـەودا نـابینم، ئەگەرچـی ئـەو نامەكانی بۆ ناردوم و چاوپیكەوتنی لەگەڵ كردوم. وە ئەو هەلۆیـستی خـۆی نوانـدووەو كـە ئیجابیـە. ئەمـەش نمونەیـەكی دیكەی " ئازادیبێسنورە!! "لەكوردستاندا كە لە دووتوێی ئەم چاوپێكەوتەدا زیاتر دەتوانن سەرنجی بدەنێ.

**نامەی هەواڵنیر لە 19/4دا**

بەرێز سامان كەریم سەرۆكی مەكتەبی سیاسی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراقی مەبەستمە دیمانەیەك لەگەڵ جەنابتان ساز بكەم لەسەر ڕەوشی سیاسی ئێستای كوردستان و حزبـی كرێكـاری عێـراق و ڕەوشـی ڕاگەیانـدن و پرسـی گـەنجان و دەستوری هەرێمی كوردستان بۆ سایتی ئاژانسی هەواڵی ناوخۆ www.nawxo.org

هەواڵنیێر – هەولێر

بەرێز كاك "هەوالنێر"

سلاویكی گەرم

بەریزم: پرسیارەكانتان زۆر بوون بۆیە پیم وابیت ئەگەر بەپێی ئەوە بیت من دوانەكەوتبم، بەهەرحال ئەوەندە بوارم هەبوو، وە من تەنها وەلامی پرسیاری 32م وەلام نەداوەتەوە كە پیم وایە لـە وەلامـی پرسیاری 31دا هـاتوە بۆیـە ئەگـەر پیـت بـاش بـوو هـەردوو پرسیارەكە بكەی بەیەك باشە واتە پرسیارەكانی 31و 32 بكەیتە پرسیاریك. بەسوپاسەوە سەركەوتوبن...

سامان كەریم

**1– سەرەتا پیمان خۆشە سامان کەریم بناسێنین بە خوێنەران؟ وە هەوڵدەدات کێ بێت؟ چۆن دەستت بە کاری سیاسی کرد؟ سەرەتای دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بۆ چ کاتیك دەگەرێتەوە؟**

سامان کریم: لە سالی 1963دا لە شاری سلێمانی لە دایك بووم. بەهۆی کاری سیاسیەوە لەسالی 1985دا ئیستخباراتی عەسکەری هاتە سەر مالمانو بە ریکەوت رزگارمان بوو پاشان لەسالی 1986دا ناچار بووم واز لە کۆلیجی ئەندازیاری لە زانکۆی موصل بهێنم. لە سالی 1983دا یەکێك بووم لە وکەسانەی کە جلەوی نارەزایەتی خویندکارانمان لەدەست دابوو بەتایبەت لە زانکۆی موصل. لەسالی 1986وە تاکو ڕاپەرین سالی 1991 لەبەرانبەر ڕاونانو بەدواگەرانی رژێمی بەعسدا ناچار بووم گەلیك جێگا بگۆرم لە هەلەبجەوە تاکو موصل تا کەرکوك ودیارە سلێمانیش... پێش ڕاپەرین و لەسەرەتای مانگی ئەیلولی سالی 1990دا کە رژێمی بەعس کوەینی داگیرکرد، چەپ بەشێوەیەکی گشتی کەوتە بەر شەپۆلی ڕاونانو نزیکەی 55 کەس لە ریکخراوەکانی ئەوکاتەی چەپ کە زۆربەیان سەر بەر ڕەوتی کۆمۆنیستو دەستەی پێشرەوانی پرۆلیتاریا بون دەستگیر کران، من سکرتیری دەستەی پێشڕەوان بووم، هێرشەکەی رژێم بە رادەیەك فراوان بوو،کە تەواوی ئەندام کۆمیتەی ڕێکخستنی شاری سلیمانی ئێمە دەستگیرکرانو من زیاتر لە 3 ئیعترافم لەسەر کرابوو کە دوایی لە گرتنی دائیرەی ئەمندا دانەیەکیانم دەستکەوت. ئەمنی سلیمانی بۆ ماوەی 3 رۆژ لەمالمان مابونەوە بەلام ئیمە لە مال نەبوین. لەدوای ئەوەو تاگو ڕاپەرین کە 6 مانگیگ بوو ژیانیکی سەختم هەبوو بەتایبەت کە تازە لە مانگی ئایاردا دەستم کردبوو بە ژیانی پێکەوەیی لەگەل هاورێکەمدا. ێیستا دوو مندالم هەیە و تەمەنیان 15و 8 سالن.

کاری سیاسیم وەکو کەسیك یەکەمجار لەسالی 1979دا لە خۆپیشاندانیکی خویندکارانی سلێمانی بەشداریم کرد کە دژی تەعریب کردنی خویندن بوو، لەو خۆپیشاندانەدا لەلایەن هیزەکانی مولازم موحسینەوە"هیزی تایبەت" گیرام بەلام ماوەی چەند سەعاتیك بوو هەر لە گۆرەپانی سەرۆکایەتی زانکۆی سلیمانی ڕایان گرتینو کەمیك ئازاریان داینو دوایی ئازاد کراین.دوای ئەوە بەشێوەیەکی سیستماتیكو بێوەستان لەسالی 1981وە لە بزوتنەوەی چەپو کۆمۆنیستی ئەوکاتانەدا بەشداریم کردو لەسالی 1986وە تەواوی ژیانم تێکەلێ بوو بە سیاسەتو کاری رێکخراو دروستکردنو لەسالی 1988دا دەستەی پێشرەوانی پرۆلیتاریامان پیکهێنا لە گەل دوو هاوڕی دیکەدا کە ئەوکات یەکیك بوو لەگەورەترین ریکخراوە کۆمۆنیستیەکان. پاشان رۆلی کۆمەلایەتیو ئاشکرای ئیمە لە ڕاپەریندا دەرکەوت. ئەوفرسەتەی کە پەیدابوو بۆخەلکی کوردستان بە شیوەیەکی فراوان ڕۆلی ئێمە چ لە دەستپپکردنی راپەرینو چ رابەریکردنی بزوتنەوەی شورایدا، خۆی نیشاندا. بزوتنەوەی شورایی وەك بزوتنەوەیەکی تازە دەرکەوتوو شاری و بە ئامانجو بیروڕای مارکسیەوەو بەتایبەت بە چوارچیوەی باسە سیاسیو فکریەکانی مەنصوری حیکمەتدا لەئاستی کۆمەلایەتی بەهۆی دروشمو خواستە جەماوەریو کرێکارییو مافەکانی ژنانەوە خۆی دەرخست. بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی نوێ کە ئیدعای نوێو خواستی نوێو ئەلتەرناتیڤی نوێی بەرزکردەوەو لە ئاستی کۆمەلایەتیدا لە ریگای کەسایەتیەکانی خۆیەوە لە شوراکانەوە ڕایدەگەیاند. تا لە دواییدا لە 21ی تەموزی سالی 1993دا حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقمان دامەزراند لەگەل ژمارەیەك لەهاوڕیانی دیکەدا.

من وەك ئینسانێك، هەمیشە لە فکری ئەوەدام چۆن ئەو بەرنامەی کە ژیانی خۆم بۆ تەرخان کردوە، جیبەجیبکەمو بیکەمە حالەتیکی مەلموس.

**2–ئایا ئەو هۆیانە چیبوو تاوەکو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دابمەزرێت؟**

**سامان کەریم:** بەکورتی بورژوازی کوردیو عەرەبی لە عێراقدا چەندین وئێستا بگرە دەیان حزبی خۆیان هەیە. کرێکارو جەماوەری بەش مەینەت پێویستی بە حزبی خۆی هەیە بۆ ئەوەی خواستو ویستەکانیان ئارەزوو ئامانجەکانیان ئاراستەو رابەریو ریکخراو بکاتو وەك ئەلتەرناتیڤێك بیگەینێە دەسەلات.

**3–ئەو کەسانە کێبوون کە دەوری سەرەکیان هەبوو لە دامەزراندنی ئەو حزبە؟**

**سامان کەریم:** کەسی یەکەم ڕابەری ئازیزمانو گیان بەختکردومان مەنصوری حیکمەت بوو کە ئۆتۆریتەیەکی فراوانی هەبوو لە نیو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئەو کاتەی عیراقو بەتایبەت بزوتنەوەی کومۆنیستی لە کوردستانو لە نێو ڕیکخراوە کۆمۆنیستیەکاندا. پاشان دەکریت دەوری بەرچاوی هاورییان کۆرش مدرسی، ریبوار ئەحمەد، خەسرەو سایە، ئەمجەد غەفور، رەحمان حسین زادەو موئەیەد ئەحمەدو ئەحمەد موعینو ئاسۆ کەمالو نادر عبدالحمیدو فارس محمودو نادیە محمودو تاهیر حەسەن.. بهێنرێت..

## 4- جەنابتان وەکو سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق کارو بڕۆژەی داهاتووتان چیە؟

**سامان کەریم:** من پرۆژەیەکی جیاوازم نیە لە پرۆژەی مەکتەبی سیاسی. پرۆژەی من پرۆژەی ئەوانەو هی ئەوانیش پرۆژەی منە. لەمبارەوە نەخشەکارو سیاسەتو بەرنامەی ئێمە هەمیشە راگەیەنراوە. بەکورتی لەکوردستان سیاسەتی ئیمە جیابونەوەی کوردستانو پیکهینانی دەولەتێکی عەلمانیو ناقەومیە لەریگای رفراندۆمیکی گشتیو ئازادەوە. لەعیراقدا بەهەمان شێوە سیاسەتی ئیمە بەدیهینانی حکومەتیکی سکولارو ناقەومیە. ئێمە لەمبارەوە لە ئاستی عێراقدا پرۆژەی سیاسیمان کۆنگرەی ئازادی عێراقە، کە جیگای هەموو ئینسانیکی عەلمانیو ئازادیخوازی تیدا دەبیتەوە بەبیٚ لەبەرچاوگرتنی ئینتمای ئایدۆلۆژییان.

## 5- ئامانجی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق چیە؟

**سامان کەریم:** ئامانجامان بنیات نانی کۆمەلگایەکی ئازادو یەکسانە. ئازادی بەمانا ی ئازادبوون لە گشت قەیدو بەندیکی فکریو کۆمەلایەتیو فەر هەنگی، ئازاد بوون لەکۆیلەیەتی کاری کری گرتە، ئازاد بوون لە کار لە پیناو کریو موچەدا.... یەکسانی نەك تەنها یەکسانی روکەشی یاسایی بەلکو یەکسانی لە بەرکەوتنی سەروەتو سامانی کۆمەلگادا، لە دەست راگەیشتن بە هەموو ئیمکاناتەکانی کۆمەلگا لە راگەیاندنەوە بگرە تاکو تەنکنۆلۆجیا زانستی نویٚ، بەلگە نامەکان... بەکورتی ئەمە کۆمەلگای کۆمۆنیستیە، کۆمەلگای ئینسانی کە ئیعتباری ئینسانو پیویستیە ئینسانیەکانی فەوریترین ئەمری ئەم کۆمەلگایەو ئیدارەکەی دەبیت. بەکورتی کۆمەلگایەکە کە ئینسان تیایدا بەپیٚی پیداویستیەکانی ژیانی بەهرەمەند دەبێت لە سەرەوەتو سامانی کۆمەلایەتی.

## 6- لە چەند شوین بارەگاتان هەیەو بارەگی سەرەکی لە کوێیە؟

**سامان کەریم:** چەندین بارەگاو ئۆفیسمان هەیەو بارەگای سەرکیمان لە بەغدایە.

## 7- ئەگەر بچینە نێو باسێکی فراوانترەوە، ئایا شوێنی کورد لە ئێراقی ئیستادا چۆن لێك دەدەیتەوە، پێتان وایە دەتوانێت تەرازووی هێز لە پێناو ئێراقێکی دیموکراتدا ڕابگرێت؟ بۆچی کورد دەبێت کار بۆ پێکهێنانەوەی دەوڵەتیکی سەرکوتکەر لە ئاییندەدا بکات؟

**سامان کەریم:** پرسیارەکەتان پرسیاریکی گونجاو لەجیگای خۆیدایە. سەرەتا من دەمەویت خۆم جیابکەمەوە لە دەربڕینێك کە ئیوە بەکارتان هێناوەو بەگشتی میدیای نیوخۆو جیهانی بەکاری دەهینێت. ئەویش "کورد"ە ئیوە دەلین "شوێنی کورد لە ئیراقدا". بەلام ئەم دەبڕینە نا واقعیە. چونکە لە نیو خەلکی کوردستانداو لیرەدا مەبەستم تەنها ئەوانەیە کە بە زمانی کوردی قسەدەکەن، واتا منو توو چەند ملیۆنیکی دیکە، ئیمە دابەش بووین بەسەر چینو تویژی جیاوازو بەرژەوەندی جیاوازو حزبی جیاوازو.... ئێستای کوردستان بەتەواوی دابەش بووە بەسەر دوو بەرژەوەندی چینایەتی جیاوازدا. بەرژەوەندی بورژوازی کورد کە دەسەلاتی بەدەستەو یەکیتیو پارتی نوینەرایەتی دەکەن وە بەرژەوەندی کرێکارانو خەلکی زەحمەتکێشو ستەم دیدە بەگشتی. ئەمە بەرۆشنی دەبینین نەك تەنها لە ریگای کەلەکەبونی ملیۆنەهاو بگرە ملیارەها دۆلارەوە لای بەرپرسانو گەورە سەرمایەدرانی کوردستانو دەستورو یاساو مامەڵەی دەسەلاتدارانەوە، بەلکو تەنانەت لە ریگای بەهەشتی شارو فرعەوناوو کۆشکە سپیو رازاوەکانی کوردستانو کۆمپانیا گەورە بیانیو ناوخۆییەکان. لەبەرانبەریدا بیٚخانوییو هەژاریو کەمی مووچەو نەبونی ئازادییە سیاسیەکانو چەوسانەوەی چینایەتیو بیکارەباییو نەبونی سوتەمەنی.... دەبینین. کەواتە ئەوەی دەیەوێت بەرژەوەندی خەلکی کوردستان هەمووی لە ژیر ناوی "کورد بون"دا یەك بخاتو ئاراستەی بکات ئەوە سیاسەتێکە دەیەویت ئەم جیاوازییە بشارێتەوە کە هەمیشە لە بەرژەوەندی چینی بورژوازیو سەرمایەدارانو دەسەلاتدارانی کوردستاندا بوە.

لەم روانگەیەوە من دوو شوین و دوو جێگاو رێگاو دوو بەرژەوەندی جیاواز دەبینم لە نێو خەڵکی کوردستاندا. یەکێکیان ئەوەیە کە دەسەلاتدارەو بەشداریکردوە لە پرۆسیسی سیاسی ئێستاو لە دوای داگیرکاری ئەمەریکاوە، بەرژەوەندی خۆی دەست کەتوەو ئەگەر بەرتەسکی بکەینەوەو تا رادەیەی زمانیکی ئابوری بیهینینە خوارەوە دەلێین نوینەری خاوەن کۆمپانیاکانو بازاری ئازادن. جێگاو ڕیگای بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد کەلە یەکیتی پارتیدا بەرجەستە دەبێتەوە کە بەشێکی کاریگەرن لە پرۆسێسی سیاسی ئێستای عیراق. بەبروای من رۆژ بە رۆژ جێگاو رێگای خۆیان لەدەست دەدەنو ئەمە قسەی دووسال لەمەوپێشی منەو بەنوسراو بلاو بۆتەوە. سەرەتای داگیرکاری ئەمەریکا وەرەقە سیاسیەکانی دەستی یەکیتیو پارتی بەهیزتربوون، لەهەمانکاتدا جەبروتو هیزو کاریگەری ئەمەریکا زۆر لەسەر تربوو ئەمرۆ هەردووکیان هاتۆتە خوارەوە. باسەکە ئەوەنیە کە ئەم دوو بەرژەوەندییە زۆر سازن پیکەوە، بەلکو

باسی واقیعەتیکە کە گۆڕاوە. ئێستا سیاسەتی ئەمەریکا ڕۆشنە کە فەشەلی هیناوەو ناچار بوە پەنابەرێ بۆ ناسیونالیزمی عەرەب و حکومەتانی عەرەبی بەتایبەت لەبەرانبەر جمهوری ئیسلامی ئیراندا ئەمەریکا تارادەیەکی زۆر دەستە وەستانە. بۆ بەرگرتن بە هیرشی ئیسلامی سیاسی شیعی و جمهوری ئیسلامی ئیران و هەروەها کەمکردنەوەی یان ریکخستنەوەی "مقاومە"ی ئیسلامی سیاسی سونی و بەعسیەکان لەدەولەتدا ئەمەریکا ناچار بوە کە مل بدات بە واقیعەتی فەشەلی خۆی و راپۆرتی بیکەر هاملتون. بەبروای من ئەمەریکا بەپێی ئەو راپۆرتە حەرەکەت دە کات نەك سیاسەتەکانی بۆش، یان بۆش و ئیدارەکەی بەپێی ئەو راپۆرتە کاردەکەن لەباری سیاسی و عەمەلیەوە بەلام شتیکی تر دەلین لە گۆنگرە رۆژنامەوانی و دەزگاکانی راگەیاندندا... ئەمە واقیعەتیکی زۆر رۆشن دەکریت هەستی پێبکرێت، لەبەرانبەر ئیران و سوریا و دەخالەت پیکردنیان لە ژیر ناوی چارەسەری کێشەی ئەمنی عیراقدا، دانیشتی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە گەل وەزیری دەرەوەی سوریا و گۆرینەوەی راویژ لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران لە شەرم ئەلشێخ، بەشیوەیەکی مەلموس فەشەلی ئەمەریکا نیشان دەدات . بەگشتی پرۆسیسی سیاسی ئیستای عیراق فەشەلی هینا، کە یەکێتی و پارتی یاریزانێکی سەرەکی بوون تیایداو خەلکی کوردستانیان لە پیناو بەرژەوەندی خۆیاندا بۆ هەڵبژاردنەکان و دەستورێکی کۆنەپەرست بەریخست. بەڵام ئەمرۆ رۆژ بەرۆژ دەبینین باس لە هاتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەبە بۆ مەرکەزی دەسەلات، باسە لە گۆرینی دەستور ، چارەنوسی ماددەی 140 کە یەکیتی و پارتی چەندساله کردویانەتە ئامانجی سەرەکی، نەك هیچ چارەنوسێکی دیارنیە بەڵکو یەکێتی و پارتی خۆیان ئێستا ناچارن ئاڵوگۆری تیدا بکەن، بەلام دیارە ئەوان لە باسکردنی ئەم ماددەیە ناوەستن و هەر کاریك بکەن و هەر ئاڵوگۆریك بکەن دیسان لە نیو هەمان چوارچێوەدا پێناسەی دەکەنەوە. هەموو ئەمانە بەبروای من راستەوخۆ نیشانەی ئەوەن کە جیگاو ریگای ناسیونالیزمی کوردو دووحزبەکەی هاتۆتە خوارەوە، لە پرۆسیسی سیاسی ئێستادا.

بۆ دیموکراتیش دیسان هەر وایە. دیموکراتی لای من لە فەرهەنگدا مانای دەرناکێشریت، بەڵکو ئەوەیە کە دەیبینیت و رۆژانە لەگەلیدا مامەلە دەکەیت. بۆیە دیموکراتی بەجیا لە تەعریفەکانی و سەرچاوەی میژوویی خۆی لە دنیای ئەمرۆدا مۆدیلیکە بەلام هەروەکو مۆدیلی جل و بەرگ ئالاو والایەو رەنگی جۆراوجۆری هەیە. لە ئەمەریکا دیموکراتی هەیە، بەلام جیاوازی هەیە لەوەی کە لە ئەوروپای رۆژاوادا هەیە بەگشتی. سعودیەش دەلیت هەلبژاردنی شارەوانیم کردوە و ئەمەش بە پرۆسەیەکی دیموکراتی باس دەکریت لەکاتیکدا کە لەسەدا پەنجای ئینسانی ئەم وولاتە هەر بۆیان نەبوو بەشداری بکەن لە هەلبژاردنەکاندا. لە تورکیاش جۆریگی تر... دیموکراتی وای لێهاتوە کە سیساتی و الحکیمیش دیفاعی لی دەکەن چونکە بەپێی وەزعی سیاسی ئێستای عێراق سودی لێ دەبین. لە زۆر جێگا وتومە کە دیموکراتی لەئێستادا وەکو جەوالی چەرچیە کۆنەکانی لادێکانی کوردستان وایە جێگای هەمووشتێکی تێدا دەبیتەوە.

باسی دیموکراتی لە کوردستان ئەوەیە کە تۆ ئەگەر سیاسەتت لەگەل حزبە دەسەلاتدارەکان جوت بیت یان نزیك بیت، یان هەر بلێی بەلێ، ئەوە مانگانە بريك پولت پێ دەدەن و مۆلەتی رۆژنامەو تەلەفیزیونی محەلیشت پیدەدەن، ئەگەر نا ئەوە نە مۆلەتت هەیەو نە ریگات دەدەن هەلسورانی سیاسی بکەیت. ئەمە بەجیا لەوەی کە گەندەلی لە کوردستان پیم وابیت لە ئاستی جیهانیدا یەکەمین ناوچەی دنیا دەربچیت، تەواوی کەناڵەکانی ژیانی کۆمەلگای داگرتوە ... بەم پێیە دیموکراتی ئەحزابی دەسەلاتدار، دیموکراتی تاریکستانی و بێکارەبی و نەبونی سوتەمەنی و بەلێ ووتنە بۆدەسەلات، دیموکراتی کەڵەکردنی سەرمایەیە بۆ بەرپرسەکان، دیموکراتی لوشدانی سەروەت و سامانی کۆمەلگایە بۆ بەرپرسە گەورەکانی هەردوو حزب، سەرکوتی خەلکی نارازیە تارادەی فیشەك پێوەنان...ئەمە پیناسەی "دیموکراتی کوردییە"... ئەوە واقیعەتی دیموکراتی کوردستانە.

بەلام من نازانم تۆ باسی شتیکی بەراستی عەجایب دەکەیت ئەویش راگرتنی تەرازوی هیزە دیموکراتی ئیراقە... کە دژایەتی هەیە لەگەل دوا رستەی پرسیارەکەی خۆتدا. دیموکراتی عیراق بروابکە کەس باسی ناکات، جگە لەمیدیا بۆ کلاوکردنە سەر خەلکی عیراق و رەئی گشتی جیهانی، ئەگەر نا باشترە واقعی بین. بلین دیموکراتی تەقینەوەی ئۆتۆمۆبیلی بۆمب ریژکراو، دیموکراتی حزام و عبوەی ناسف، دیموکراتی فرقەکانی مەوت و فراندن و قەتلی تائیفی... یەك رۆژ لە بەغدا بیت ناوەرۆکی ئەم دیموکراتیە قێزەونەت بۆ دەردەکەویت...

ئیتر من نازانم "کورد" دەبیت چ تەوازنیك رابگریت کە خۆی ئەوە وەزعیەتی و ئەوەش وەزعی سیاسی و ئەمنی عیراقە.

ئەو پرسیارەی کە دەلییت "بۆچی کورد دەبێت کار بۆ پێکهێنانەوەی دەوڵەتێکی سەرکوتکەر لە ئاییندەدا بکات؟"

من دەلیم خەلکی کوردستان کاری وا نکات، بەلام ئەوپرسیارە لە یەکیتی و پارتی بکەو پرسیارەکەش مەبەستی ئەو دووهیزەیە. من دەلیم با نەیکات وە خراپیان کردوە کە تا ئێستا ئەو کارەیان کردوە لەمبارەوە چەندین جارو تەنانەت پێش شەرو داگیرکاری ئەمەریکا ئیمە ئەمەمان راگەیاندوە کە کاری وانەکەن و لە زەرەری خەلکی کوردستاندایە.. لەراستیدا فرسەتیکی کەمیان بەدەستەوە ماوە، کە بۆیەك جار لە میژووی خۆیاندا بگەرینەوە بۆ رەئی خەلکی کوردستان و پرسیان پبکەن کە چیان دەویت. دەیانەویت جیاببنەوەو دەولەتیك پیك بهین لە کوردستان یان دەیانەویت کار بکەن بۆ پیکهینان و ساغکردنەوەی دەوڵەتیکی کۆنەپەرست، هەروەکو تا ئێستا یەکێتی و پارتی ئەو کارەیان کردوە. کە خەلکی کوردستان بەرۆشنی وەلامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە لەماوەی 2 یا 3 سالی رابوردودا کەچی یان دەوێت.

**8- بەر لە ئێستا گوێمان لێ دەبوو، سەرکردەکانی کورد دەیانگوت با عەرەب بێن و لە ئەزموونی کوردستانەوە فێربن، پێت وایە ئەم بۆچوونە لەکورتبینییەوە هاتووە یانیش لە کردەوەدا بۆچوونێکی دروستەو کاتی ئەوە هاتوە کە عەرەبی خودانی دەوڵەت لە کوردی بێدەوڵەتەوە فێری هونەری حوکمڕانی بن؟**

**سامان کەریم:** لە کۆریکدا لە شاری لندن لەسالی 1998دا کە لە لایەن بالی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی کە دژ بە دەخالەتی ئەمەریکا بوون لە نێو کاروباری ئۆپۆزیسیۆندا، بەسترا، کە تیایدا جەعفەری سەرۆك وەزیرانی عیراقی پێشوو وەك سەرۆکی حزبی دەعوەو ونوینەری حزبی شیوعی پیم وابیت نێوی جمیلی بوو لەگەل نوینەرانی مەجلیس ئەعلی ودکتۆر فواد مەعصوم و دکتۆر محمود عوسمانیش بەشداربوو لەو کۆرەدا ئیسلامی سیاسی شیعی رەخنەیان لەوەهەبوو کە ئەمەریکا گرینگی نادات بە باشوری عیراق و وەك کوردستان ناوچەی نۆ فلایزۆنیان بۆ ناکاتەوە لەویدا دکتۆر مەحمود وەلامێکی گونجاوی دانەوەو ووتی " ئەگەر دەتانەویت ناوچەی واتان بۆ بکاتەوە ئەوە هەر نەیکاتەوە باشترە هەموتان یەکتری دەکوژن" ئەو وەلامیکی دایەوە کە بەشیك لە واقعیەتیکیفراوانتری نیشان دا... بەلام من نازانم ئەوان چی فیربن لە یەکیتی و پارتی؟ باسی دیموکراتیمان لەسەرەوە کرد، باسەکە ئەوەیە کە ئەو هیزانەی ئەوە باسە دەکەن خۆیان نزیك دەبینن لەباری سیاسیەوە لە یەکیتی و پارتی... هەموو باسەکە ئەوەیە. هونەری حوکمرانی، بە سیاسەت دیاری دەکرێت و تا ئێستا یاسایەك لەکوردستان دەچێت بەریوە کە یاسای یەکیتی و پارتیەو هەریەك لە ناوچەی نفوزی خۆیدا جێبەجێی دەکات.... حوکمرانی بێ کارەبا و ئاوو سوتەمەنی من ناتوانم جگە لە حوکمی میلیشیایی شتێکی تر بەمە بلیم. زۆر باشتر بوو کە ئەوان بریك کاری ئیجابیان بکردایە، لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەوە بگرە تا بە رەسمی ناسینی ئازادییە سیاسیەکان، ئەمانە هیچیان نیە... پاشان لە باری دەستورو یاساکانیشەوە، سەرنجی رەشنوسی دەستوری کوردستان بدەین بەرۆشنی ناوەرۆکی حوکمرانی یەکیتی و پارتیمان بۆ دەردەکەویت...

**9- پێت وایە ڕوداووداوەکانی ئێستا و هەڵوێست و سیاسەتەکانی نێوخۆی ئەمەریکا، کورد دەکەنەوە قوربانیی ڕازیکردنی گرووپە جیکانی ئێراق و هەندێك لە وڵاتانی ناوچەکە؟**

**سامان کەریم:** مەسەلەکە ئەوەیە سیاسەت و ئیستراتیژی ئەمەریکا فەشەلی هینا لە ئێراق و ناوچەکەدا. لای ئەمەریکاو هیزەکانی کە سواری ترێنەکەی بوبون عیراقیان بە دەرگای چونە ژورەوە دەبینی بۆ جیبەجیگردنی ئیستراتیژی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا واتا گەیشتن بە "رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە" کە پەیرەوی دەکات لە ئەمەریکاو سیاسەتی بازاری ئازادو لیبرالیزمی نوێی بۆش و ئیدارەکەی دەباتە پێشەوە لە بازاردا لە ژیر ناوو لەوحەی "دیموکراتی و مافی مرۆۋ دژی ئیرهاب" ئەمە فشەلی هینا. راپۆرتی بیکەر هاملتون و کۆبونەوەی قمەی عربی و شەرم ئەلشێخ و دانیشتن لەگەل ئیران سوریا.. تحرکاتی تازەی سوریا، هەرەشەکانی تورکیا لەکوردستان، مل نەدانی ئیران بە ئەمەریکا،... هەموو ئەمانە راستەوخۆ رەنگدانەوەی ئالوگۆریکی جیهانی قولترن لە نێو هیزە گەورەکانی دنیادا.. کە نیشانەی فەشەلی ئەمەریکاو سیاسەتەکانی دەردەخەن. واتە باسەکە کێشەی نیوان دیموکراتی و جمهورییەکان نیە، بەلکو ئەو کێشەیە خۆی ئەنجامی فەشەلی ئیستراتیژیەکەیە. ئەگەر ئەمەریکا سەرکەوتوبوایە ئەوا تا 20 سالی دیکە دیموکراتیەکان دەسەلاتیان نەدەبینیەوەو ئیستاش فزەیان لیوە نەدەهات.

من دەمیکە پیم وایە یەکیتی و پارتی نەك " خەلکی کوردسنان" لەگەمەی ئەمەریکادا خەریکن وردە وردە نقوم دەبن. ئەمەریکا نە لەبەر چاوی کالی خەلکی کوردستان هاتوە بۆ عیراق وە نە لەپیناو بەرژەوەندی یەکیتی و پارتیدا، ئەو سیاسەت و ئیستراتیژی فراوانتری ناوچەیی و جیهانی هەیە، بۆ ئەمە ئامادەیە هەموو کاریك بکات. مەگەر رێکەوتنی جەزائیر کێ سەرپەرشتی کرد؟ ئەوکاتیش پەیوەندی نیوان پارتی و ئەمەریکا لاواز نەبوو بەلکو بەهیز بوو. من لەسەرەوە ئامارەم پیدا کە ئەو قوربانیکردنەی تۆ باسی دەکەی نیشانەکانی دەرکەوتون.

ناسیونالیزمی عەرەب لە ریگەی بەعسیەکانەوە بیت یان لە ریگای هینانەوەی ئەفسەرە پایە بەرزەکانی بەعسەوە یان هەردوکیان یاریکەری ئەصلی نیو پرۆسەی سیاسی دەبن، ئیسلامی سیاسی سوونی بەهەمان شیوە... فشاریکی گەورەی ناوچەیی و ئەمەریکی هەیە لەسەر ئیسلامی سیاسی شیعی چ راستەوخۆ لەسەر هیزەکانی نیو عیراق و یان لەسەر جمهوری ئیسلامی ئیران، وەهەروەها من پیموایە فشار هەیە لەسەر یەکیتی و پارتی لە لایەن ئەمەریکاو و وولاتانی عەرەبی و تورکیاوە لەسەر مادەی 140 و فیدرالیەت و.. ئەوانە نیشانەکانن. بەحوکمی نەبونی دەولەتیك کە فعلا کۆمەك بکات بە یەکیتی و پارتی وەکو هیزە ناسیونالیستە عەرەبیەکان یان ئیسلامیەکان، بۆیە پیم وایە لاوزاترین وەرقە لەم نیوەدا ئەم دووهیزە دەبن. هەروەك ووتم یەك ریگا هەیە بۆ ئەوان ئەویش گەرانەوەیە بۆ رەئی خەلك!! هەرچەند من پیموانیە کاری وایان لەدەست بێت.

**10-. ئایا هەست ناکەیت ڕاگەیاندنی کوردی لە هەندێك بواردا دابڕاوبێت لە ناوەڕۆکی کاراو کاریگەری ڕووداوەکان؟ واتە لە سەردەمی ئازادیدا هێشتا ناتوانین لە دەستخستن و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکاندا ئازادبن؟**

**سامان کەریم:** تۆ باسی ئازادی دەکەیت، بەلام با بە مەلموسی وەلام بدەمەوە. ئازادی لای من مانایەکی فراوانی هەیەو تەنها دروشمی خەتیب و رۆژنامەکان نیە... ئەگەرچی ئەمە باسی ئیمە نیە لیرەدا. بەلام دەمەویت بلیم کە ئازادی هیچ وجودیکی نیە بەومانا فراوانە کۆمەلایەتییەی کە من مەبەستمە. بەلام دیارە تۆ مەبەست لە ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی بیروراییە، بەبروای من ئەم دوو خواستەش هەر وەکو لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، وجودی نیە باسی ئازادی سیاسی کە فراوانترە لەو دوو خواستە باسە لە ئازادی موخالیفی خۆت لە ئاستی کۆمەلایەتیدا بە پێی یاسای نوسراوو، ئەمە لەکوردستان بونی نیە. ئیوە تەماشا کەن کە باسی ئازادی سیاسی دەکریت و زۆرجار سەرکردەکانی یەکیتی و پارتی پێی دەلین فەراهەمەو بێسنورە، هەمیشە باسەکەیان ئەوەیە کە رۆژنامەو تەلەفیزیون و گۆڤاری جیاواز هەیە، بەلام لە سوریاش پرە لەمانە. باسەکە ئەوەیە کە ئەم دەزگایانە ناوەرۆکیان چیەو ئایا ئۆپۆزیسیۆنی دەسەلاتن یان هی حزبەکانی ئەوانن؟! ... تاکە حزبیك کە لەکوردستان هەلسوراوبوەو کاری کردەوە، تا ئێستا مۆلەتی پینەدراوە ئیمەین. یەکێتی نیشتمانی لە بەرانبەر ئەوەی ئیمە خواستی جیابونەوەی کوردستانمان بەرزکردەوەو دیفاعمان لە مافەکانی ژنان کرد، ئیمەی دایە دادگا کە لەداداگادا دۆڕاندنی لە 7/14دا بە چەك پەلاماریداین... لە هەولیر مۆلەتی بلاوکراوەی یەکسانی لەسەر داوای مەلاکان و ئیسلامی سیاسی سەحب کرایەوە... ئیتر باسی ئازادی چی بکەین. بەجیا لەمانە هەر لەماوەی ئەم دوومانگەدا چەند رۆژنامەنوس لە رەحما غەریبەوە بگرە تا گۆرانی هەولیر چۆن هەرەشەیان لیکراوە... خۆپیشاندان بەتەقە وەلام دەدریتەوە... بەهەرحال کەی بینیمان کە یاسایەك هەیە لە کوردستان تیایدا نوسراوە ئازادی رۆژنامەگەری وئازادی ڕادەبڕین و ئازادی خۆپیشاندان و مانگرتن و پیکهینانی ئەحزاب و ریکخراوەی پیشەیی و جەماوەری ئازادەو هیچ قەیدو شەرتیکی لەسەر نیەو هێرش کردنە سەریان تاوانە، ئەوکات دەتوانین بلیین ئازادییە سیاسیەکان لە کوردستان بەرقەرارە.

**11- ئەو ئازادیەی بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی پێکهاتووەن لە لایەن خودی حیزبەکان کە تێکۆشانیان بۆ ئازادی کردووە، کۆنترۆل و سانسۆر کراوە، ئێوە دەلێن چی ئەگەر ئێمە بلێین کارەکان پێچەوانەو هەڵگەراوە بەڕێوە دەچن؟**

**سامان کەریم:** من دەلیم وەکو خۆیەتی و لەسەر هەمان ریچکە دەروات. ئیوە بریك ئاوڕ بدەنەوە لەخەباتی شاخ و ببینن شەری ناوخۆیان و کەمین دانان بۆ یەکتری، ئازاردانی خەلك و گومرگ وەرگرتن لیان... ئەوکات دەسەلاتیان ئەوەندە بوو ئەوەیان کرد ئیستا دەسەلاتیان زۆرترە زۆرتر دەکەن. یەك سیاسەتەو هەلومەرجەکە گۆراوە.

**12-دەسەلات لە کوردستاندا داوای پاراستن و پەرەپێدانی ئازادی لە رۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکات و پێچەوانەش ڕاگەیاندن گلەیی لە دەسەلات دەکەن؟ کامەیان راستن؟**

**سامان کەریم:** ئەم پرسیارە ئەوەندەی پەیوەندی بەدەسەلاتەوە هەبێت رۆشنە کە ئەوە درۆشمە نەك یاسایەك کاری پیبکریت و ئاماژەم بەوە داوە. بەلام گلەیی رۆژنامەنوسان واقعیەو لەمبارەوە نمونە زۆرە کە رییان لیگیراوەو زۆرجار سەرکوتکراون، دیارە ئەمە بەجیا لەوەی کە رەئی من چیە لەسەر راگەیاند لە کوردستان بەگشتی.

**13-ڕای جەنابتان چیە سەبارەت بە ئافرەت؟**

**سامان کەریم:** رەئی من لەسەر ژنان ئەوەی ئیوە پێی دەلین ئافرەت و هیوادارم بیگۆرن بە ژن.. ئەوەیە وەکو خۆم سەیریان دەکەم بە یەکسانی تەواوەوە. واتە لەباری کاروباری نیومالەوە لە پاکو خاوینیەوە بگرە تاکو خواردن ئامادەکردن و پەروەردەکردنی مندالان، تادەگاتە کاروباری سیاسیو بون بەسەرۆکی مەکتەبی سیاسی و سکرتیری حزب و سەرۆکی وولات.. یەك زەرە لە ژیانی سیاسیمدا نەك دوو دل نەبوم لە بەرانبەر ئەمەدا بەلکو هەمیشە هەولم بۆداوەو بۆئاگاداریت حزبی ئیمە لە ئاستی ناوچەی رۆهەلاتی ناوەراست و گشت جیهانی عەرەبدا تاکە حزبیکە کە لەنیو سەرکردایەتیەکەیدا 9 ژنی تیدایەو لە مەکتەب سیاسیەکەیدا 3 ژنی تێدایە.

**14-ئێمە چەندین ڕیکخراوی ئافرەتمان هەیە بەجیاوازیی بیروڕاو تێگەیشتنی سیاسی و ئایدۆلۆژیانەوە، بەلام هەست بەوە دەکرێت ئەم ریکخراوانە زیاتر دەزگایەکی حیزبین بۆ لە قاڵبدانی ژنان لە چوارچێوەی تێفکرینی حیزبدا، بەم حاڵەوە دەتوانین بڵێین لە کوردستان بزوتنەوەیەکی ژنان هەیە کە خاوەن دیگایەکی ژنانەو فێمینستانە بێت؟**

**سامان کەریم:** من لەگەل دەخالەتی حزبدا نیم لە نیو کاروباری ریکخراوە جەماوەریو پیشەییەکانداو لەوانە ریکخراوەکانی ژنان. بەلام بمانەویت یان نا هەر بزوتنەوەیەکی سیاسی ئامانجی سیاسی خۆی هەیە. من باوەرم بە یەکسانی هەمەلایەنەی ژنو پیاوە، یەکێکی دیکە تەنها دەیەویت حیجابەکەی لەسەر لابات ئەوی دیکە دەیهینتە بەردەم پەرلەمان بۆ ماددەی 140 یەکێکی دیکە بە ئیسلام دەیەوێت دیفاع لە ژنان بکات کە موتەناقیزە، ... بەهەرحال لە پرسیارەکانی پێشودا ئاماژەم دا بەوەی کە لە کوردستان بزوتنەوەی کۆمەلایەتی جیاواز هەیەو هەریەکە بەرژەوەندی خۆی هەیە، ئەمە بە ئاسایی دەبینم، بەلام کردنی ڕیکخراوەی ژنان بە دەزگایەکی حزبیو من مەبەستم حزبی خۆمانە بە باریکی تەندروست نابینمو پیم وایە هەلەیەکی کوشندەیە. بەڵام ئەم تێڕوانینە پەیوەندی هەیە بە ئاسۆو ئامانجی سیاسی هەر حزبێکەوە. واتە جێگاو ڕێگای ژنان لە نێو بەرنامەی سیاسی حزبەکەتدا چیە؟ بەپێی ئەوە تێڕوانینیت بۆ سەر ڕێکخراوە جەماوەریو پێشەییو ژنانیەکان دەگۆرێت.

لە کوردستان من هەلسوراوی فیمنیستی دەبینم. بەلام لەراستیدا بزوتنەوەیەکی فیمینستی بە تانو پۆوو سیماتەکانی خۆیەوە نابینم . دیارە فیمنیزم لە نیوخۆیدا چەندین بزوتنەوەو مەکاتبی جیاواز دەگریتە خۆ. وە دیارە بزوتنەوەی فیمینستی بە قازانجی بزوتنەوەی ژنان نابینم بەگشتی، ئەگەرچی ممکنە چەند خواستیکیان جیگای تەئیدم بیت. فیمینزم قەهری کۆیلەکەیە کە پیاو بە سەیدی خۆی دەزانێتو پێی وایە کە ئەوە پیاوە، سەرچاوەی چەوسانەوەی ئەوە. لەحالیکدا سیستەمی کۆمەلایەتی مەوجود، پایەیەکی سەرەکی خۆی لەسەر هەلاواردنی جنسی دامەزراندوەو ئەمە بەشیوەیەکی رۆشن لە یاساکانی پێشکەوترین وولاتدا دەبینین.

## 15-ئایا لە ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان تا چەند مافی ئافرەت تێدا چەسپاو کراوە؟

**سامان کەریم:** سەرەتا بەکورتی من دەمەوی ئاماژە بەوە بکەم، کە مەسەلەی دەستورو هینانە پێشی باسی دەستور لە کوردستاندا مەسەلەیەکی ناواقعیە. واتە لە کوردستان تا ئیستا مەسەلەی سەرەکی کۆمەلگا دیار نیە، یەکیتیو پارتی خەلکیان مەشغول کردوە بە دەستورەوە، بەلام کام دەستور؟ دەستور بۆ چی؟ بۆ کوردستانی فیدرال؟ فیدرالیزم وەکو سیستەمیك لە عیراقدا مەعلوم نیەو جاری مەسەلەی دەولەت لە عیراقدا ساغ نەبۆتەوەو تەنانەت لەباری یاساییەوە ئیستا عیراق فیدرال نیە. دەستوری دەولەتی سەربەخۆ لەکوردستان؟ دیسان مەعلوم نیە.. بۆیە جاری کێشەی خەلك ئەوەیە چۆن چارەنوسی سیاسی خۆی دیاریبکات ئەوکاتو دوای ئەوە دەستور مانا پەیدا دەکات. ئەوەتا یەکیتیو پارتی خۆشیان چەند جار مەسەلەی دەستوریان دواخستوە مەسەلەکە ئەوەیە خۆیان نازانن هەلومەرجی سیاسی بەرەکوییان دەبات.ئایا فیدرالیەتەکە دەمێنێت یان نا؟ ئایا سنوری فیدرالیەتەکەیان تا کۆییە؟! ئایا بەروبومی نەوتو پشکنیین بە دوای چالە نەوتە تازەکاندا مافی دەسەلاتی هەریمە یان مەرکەزە؟! و دەیان پرسیاری دیکە تا ئێستا یەکلایی نەبۆتەوە...

پاشان دەستوری کوردستان تا ئەوکاتەی کە بەشیك بیت لە عیراق ناکریت و نابیت کە کۆنەپەرستو دواکەوتوو نەبیت. سەرنج بدەرە دیباجەی دەستوری عیراق جگە لەوەی زۆر دواکەتوە، تەنانەت لە باری دارشتنیشەوە لە دیباجەی دەقیکی دەستوری ناچیت بەلکو زیاتر لە پەرتوکی حجەتاللە کان دەچیت، لەمبارەوە ناکریت ئومیدیك بەو رەشنوسە ببەستین. سەبارەت بە مافەکانی ژنانو رەسمی بونی ئاینی ئیسلام وەك ئاینی دەولەت بە دوو ئاراستەی دژ بەیەك دەبینمو بەرانبەر بەیەکن. ناکریت دەستورەکەت باس لە ئاینی رەسمی بکاتو تازە ئاینی ئیسلام کە لەبەرگی ئەمرۆیدا و لە هەیبەتی رەوتە تیرۆریستیەکانی ئیسلامی سیاسی دا بە تەواوەتی ئاینی ئیسلامی کردۆتە قەسابی بەشەرییەت. بۆیە راستیەکەی من هیچ مافیك بۆ ژنان نابینم لەو رەشنوسەدا. دەزانم باسی یەکسانی کراوە بەلام کە بەندی 7 دەبینیت ئەوە ئیتر بەبروای من ناکریت باسی یەکسانی ژنو پیاو ببیتە یاسایەکی مەلموسو کاری پیبکریت. ئەمە ئەگەر ئاپارتایدی ئاینیۆ تائیفەگەری نیو ڕەشنوسەکە سەبارەت بەیاسای باری کەسایەتی لە بەرچاونەگرینو چاوی خۆمان بنوقێنین.

## 16-ژنانی کوردستان لە ژێر توندترین چەوساندنەوەی کولتوریدان بە ئەندازەیەك ژمارە گەلێکی زۆریان پەنا دەبەنە بەر خۆکۆشتنو خۆسوتاندن، تەنانەت خۆسوتاندن بۆتە دیاردەیەکی کۆمەلایەتی، ئەگەر ئاگر پەیامێکی پێیە ئەو پەیامە چییە؟ ئایا گوزراشت لە دڕەندەیی کولتوور دەکات یان لاوازییو پاسیڤ بوونی کەسێتی ژنی کورد؟

**سامان کەریم:** نەك باسەکە باسی پاسیف بونی ژنان نیە، بەلکو تەنانەت پرسیاری لەم شیوەیەش راستیەکەی بە ناگونجاو دەبینم. سەرەتا با ئەوە بلیم کە من پیم وایە کلتور دەستکردە، وەك هەر دیاردەیەکی کۆمەلایەتی ئالوگۆری بەسەردا دیتو بەزەبری دەسەلات گۆرانی بەسەردا دێت، دیارە هۆی دیکەش دەخالەت دەکەن لە گۆرانی کلتوردا بەلام هۆی سەرەکی دەسەلاتە.باسەکە ئەوەیە چ دەسەلاتو هێزو سیستەمێك ئەمرۆ کۆمەلگا لە کوردستان دەچەرخێنێت. ئایا دەسەلاتی ئەمرۆی کوردستان مافەکانی ژنانیان بۆ گرینکەو تەماشای ژن دەکەن وەکوو ئینسانێکی کاملو یەکسان لەگەل پیاودا؟ بە بروای من نا. سەرنج بدەن لە کوشتنی ژنان بەپێی راپۆرتی وەزارەتی تەندروستی هەولیر تا سالی 2004 زیاتر لە 2000 ژن تەنها لە هەولیردا خۆیان سوتاندوە، ئەمە جگە لەخۆکوژی یان کوشتنی ژنان وە

جگە لەشارو ناوچەکانی دیکە... ئەمە ژمارەیەکی تۆقینەرو ترسناکەو لەهەمانکاتدا دەرخەری ئەوەیە کە جیگاو ریگای ژن لە لای دەسەلات چەند نزمەو چەند لەخوارەوەیە...
پەرلەمان و یەکیتی و پارتی زۆر ئازان یاسای وەبەرهینان دەربکەن، زۆر ئازان لە وەبەرهینانی سەرمایەو کەلەکردنیدا، حکومەتی ئیستای کوردستان بەرۆشنی بۆتە حکومەتی سەرمایەدارانی دەرەوەو ناوەوەو پەیتا پەیتا یاسای بۆ دەردەکەن و کاری لەسەر دەکەن. بەلام بۆ یەکجاریش گویمان لەوە نەبوو کە بەشیوەیەکی فعلی بەر بەکوشتنی ژنان بگیریت، نەك هەر ئەوە بەلکو بکوژانی ژنان لە زینداندا ئازاد دەکرین... ئەوەی کە کلتوری پیشکەوتو دەهینیت و دەیکاتە عەقلی کۆمەلگا لە ریگای یاسای جۆراوجۆرەوە ئەوە دەسەلاتە نە ژنان. بەتایبەت کە دەستورو یاسا و پارەو پول و ئیدارەو پۆلیس و ئاسایش و زانیاری و پاراستن و زیندان و راگەیاندن ... هەمووی لەدەستی یەکیتی و پارتیدایە.. بۆیە ئەگەر لەمن دەپرسی ئەو دوهیزە بەرپرسن لە قەتل وۆ عامی ژنانی کوردستان.
بەلام ئاگرچ پەیامیکی پیە؟ پیم وایە پەیامیکە لەباری واقعیەوە فەنایە. پەیامیکی نەگەتیڤی کۆیلەکانە بۆ قەهری داب و نەریتی کۆمەلگاو دواکەوتویی دەسەلاتی سیاسی، لەهەمانکاتدا نیشانەی بیٚ دەبەربەستی کۆمەلگایە بەرانبەر بە یەکیك لە قیزەونترین دیاردە دژی ئینسانیەکانی کۆمەلگای هاوچەرخی ئیمە.

## 17- لەهەموو ولاتیکی دیموکراسی بودجەی ولات لە ریگەی پەرلەمان و حکومەتەوە ئاشکرا دەبیت، کەچی لە کوردستان حیزب خاوەنی ئەو بریارەیە؟ ئایا ئەمە تاچەند لای میللەت قبولٚ دەکریت؟ ئایا دەبیت میللەت چی بکات تاوەکو ئەم دیاردەیە نەهیلیت؟

**سامان کەریم:** ئەم پرسیارەی ئیوە دەیکەین لە نیوخۆیدا ئەوەنیشان دەدات کە بۆچون و لیکدانەوەکانی ئیمە واقعین و حەقیانەنتیان هەیە. ئیوە باسی ئازادی یان تەنانەت دیموکراتی دەکەن، لە وولاتانی دیموکراتیدا تەنانەت دیموکراتی جۆری تورکیەکەی شتی وا وجودی نیە کە پارەو سەرەوەت و سامانی کۆمەلگا لای حزب بیت و حزب بیدات بە دەسەلاتی تەنفیزی یان حکومەتی هەریم. لە کوردستان حزب لە نیو سیستەمی مۆسساتی حوکمرانی وجودی نیە، بەلکو بەپیچەوانەوە ئەوە حکومەتە کە بەپیی بریاری ئەحزاب و دەسەلاتی ئەحزاب دەبیتەوە بەیەك یان نا. واتە باسەکە لیرە هەلگەراوەیە. دیاردەو خەسلەتی عەجایب دەبینیت لە هەموو ئاستەکاندا، لە نیو بازاردا مەبەستم بزنسە. لەدنیادا شتی وانیە دوو شەریکەی تەلەفۆنی مۆبایل هەبیت بەلام نەتوانیت یەکتری وەربگریت، کۆرەك و ئاسیا. بەلام بۆ هەموو کەس رۆشنە کە ئەمە ئیتر تەنانەت لە چوارچیوەی بەرژەوەندی کەلەکەی سەرمایەو قازانج لەوەبەرهیناندا ناتوانیت لیك بدەیتەوە. ئەگەرچی بناغەکەی بۆ ئەوە دەگەریتەوە، بەلکو پیویستە بچیتە پشت مەسائیلی سیاسی کیبەرکی دوو دەسەلاتی کوردستان لەئاستی پاوانکردنی بزنسی هیلەکانی مۆبایلدا، نەك لەسەر پایەی مونافەسەی ئازادانەی بازار بەلکو لەسەر پایەی کیبەرکیٚی سیاسی .. لەمەوەبگرە تا دەگاتە پیکهینانی وەزارەتەکان و تا ...
خەلکی کوردستان بەمە رازینیەو پیم وابیت خەلك دەستی داوتە کاری سەربەخۆی خۆی. خۆپیشاندانەکان لەماوەی دووسالی رابوردەوەوە دەستی پیکردوە لە خویندکارانەوە بگرە تا دەکاتە مامۆستایان و کریکاران و جەماوەری زۆریك لەشارو شاروچکەکانی کوردستان لە بەرانبەر گەندەلی و لە پیناو زیادکردنی موچەو دەرمالەو دابینکردنی کارەباو سوتەمەنی ...بەرۆشنی نارەزایەتی خەلکی کوردستان، بزوتنەوەیەکی دیکەیجەماوەری نیشان دەدات کە وردە وردە خەریکە خۆی جیا دەکاتەوە لە چوارچیوەی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد...
خەلك چی بکات؟ من پیم وابیت خەلك پیویستی بە ئامۆژگاری کەس نیە بۆئەوەی کە چی بکات، بەلکو پیویستیان بە ئاراستە کردن و ریکخراوبون و روشنکردنەوەی ئاسۆی سیاسی بزوتنەوەکەیان هەیە، ئەگینا ئەوە خەلك دووسالە نارازییەو ئەمەی بە شیوەی جیاواز نیشان داوە. خەلك لەسەر کاری خۆی بەردەوام دەبیت سەرەرای ریگرییەکان.

## 18-ئایا گەندەلی هەیە لە نیو دامودەزگاکانی حکومەت؟ کیٚ لە پشت ئەم گەندەلییەوەیە، وە چۆن دەتوانریت بنەبرِ بکریت؟

**سامان کەریم:** سەیرکردنی رۆژنامە رەسمیی و ئەهلیەکانی کوردستان بەرۆشنی وەلامی پرسیارەکەی ئیوە دەداتەوە. من پیم وایە گەندەلی لە نیو "حکومەتی هەریمدا" میکرۆب نیە کە بە دەرزی و ئەنتیبایەتیك چارەسەر بکریت بەلکو نەخۆشیەکی هیجکار مزمنەو لە نیو مۆخی دایەو بەشیکە لە بەریوەبردنی سیستەمی ئیداری و حوکمرانی کوردستان لەمبارەوە هەر لەنیو رۆژنامەو کەنالە ئاسمانیەکانی کوردستان دەکریت بە رۆشنی ئەمە ببینیت.

ئەوەی لە کوردستان حوکمرانی دەکات کێیە؟! هەر ئەوە بەرپرسە لەوەوی کە لەنێو دەسەلاتداری خۆیدا گەندەلی هەیە. لە کوردستان بە پێچەوانەی سیستەمی حوکمرانی دنیاوە ئەوەی کە دەسەلاتو حوکمرانیو پەرلەمان دەجولێنیت ئەوە حزبە، وە حزبە پارە دەداتە حکومەتو دەیچەرخێنێ، ئەوە حزبە تەواوی سەرەوەتو سامانی کۆمەلگای بۆخی قەدەغە کردوە، هەروەك چۆن جوتیار یان خاوەن مولکیکی لادێ بەدەوری پارچە زەوییەکەی خۆیدا بە شورایەکی وشکەکەك قەدەغە دەکات لە کەسانی دیکە، بەهەمان شێوە هەردوو حزبی دەسەلاتدار گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەلایەتی‌یان لە سیاسەتەوە بگرە تا بازار، بە دەستی حزب دەچەرخێ. من دەلێم ئیوەی بەریز کۆمپانیایەك، بینایەکی چەند نهۆمی گەورە، مقاولاتیکی گەورە، کارگەیەکی گەورەم لە کوردستان نیشان بدەنو بۆم ئیسپات بکەن کە ئەمە بەرپرسیکی گەورەی حزبی لە پشتەوە نیە، ئەوکات باسەکەمان رۆشنتر دەبێتەوە. لە کاتیکی وادا وەلامەکە رۆشنە ئەوە هەردوو حزبی دەسەلاتدارن کە بەرپرسن لە گەندەلیەك کە هەوساری پچراوەو تازە بەریان بۆ پیناگیریتو بۆتە بەشیك لەسیستەمی حوکمرانیانو ناچارن لە یەکتری قبول بکەن. واتە چ هەردوو حزب لەبەرانبەر یەکدا چ ئەندامانی سەرکردایەتی نێو یەك حزب.... ئەمە واقعیەتی حالەو هیچ کەسیك نیە لە کوردستان نەیزانێت.

بۆ بنەبڕکردنی گەندەلی راستیەکی من وەلامی یاسایم بۆئەمە نیە. چونکە پیم وانیە بە یاسا لەکوردستان وەلام بەم مەسەلەیە بدریتەوە. مەسەلەی ئەصلی ئەوەیە خەلکی کوردستان دەیانەویت جیاببنەوەو دەولەتیك لەکوردستان پیك بهێنن. ئەوکات دەکریت باسێك بکەین لەوەی کە چۆن بە دەستورو یاسا باس لە بنەبڕکردنی گەندەلی بکەین. ئەگەر نا ئێمە مانگ بەمانگ شاهیدی ئەوەین کە خاوەن ملیاردێرەکان لە کوردستان لەسەر حسابی ژیانو کارو زەحمەتی خەلکی کوردستان روویان لە زیادبوونە.

**19-لە هەموو ولاتێکی ئەوروپی پەرلەمان بودجەی پارتو رێکخراوە سیاسیو مەدەنییەکان دیاری دەکات بەلام لەکوردستان پێچەوانەیە، هەردوو حیزب برا گەورەی پەرلەمانن و کلیل بەدەست بەخۆیانن ئایا چەند ئیش کراوە کە پەرلەمان بەوکارە هەستێت؟**

**سامان کەریم:** بەبروای پەرلەمان لەکوردستان بە مانای باوی پەرلەمان وەکو سیستەمیکی تەشریعی وجودی نیە. ئەوە کۆبۆنەوەی کادرانو ئەندامانی سەرکردایەتی هەردوو حزبە دەسەلاتدارەکەنو کەی ویستیان کۆیان دەکەنەوەو کەی نەیان ویست ئەوا کۆنابنەوە، شەری ناوخۆ بەشیوەیەکی زۆر رۆشن ئەمەی نیشانداو ئەندامانی پەرلەمان خۆیان بەرۆشنی ئەم باسە دەکەن. بۆیە رۆشنە کاتیك پەرلەمان پەرلەمان نەبێت ئەوکات ناتوانیت وە ئەصلەن بۆی نیە بزانیت وە دیسان کەس خواستی وای نیە لە نیو پەرلەماندا کە داوای ئەوە بکات با بودجەی پارتەکانو.. لە نێو پەرلەمان دیاریبکریت، خۆ ئەگەر کەسیك یان لایەنێکیش هەبیت ئەوا لەریگای دەنگی زۆربەوە هەمیشە دۆراوە.

**20-ئایا هۆکار چیە پەرلەمانی کوردستان تاکو ئێستا بەرپرسێکی بانگهێشت نەکردووە لەسەر گەندەڵی، لە کاتێکا پەرلەمانی عێراقی زۆر کاریگەرترە لەو پێناوە چەندین کەسی بەرپرس بۆ بۆ لێ پرسینەوە بانگ کراوە؟**

**سامان کەریم:** من پیم وایە هەر دوو پەرلەمان هەمان سیستەمەو لە باری ناوەرۆکەوە من جیاوازی نابینم. بەلام ئەوەی لە بەغدا بوار هەیە ئەوکارە بکرێتو بەرپرسەکان بانگهێشت بکرین ئەوە بونی چەند کتلەی جیاوازە کە لە کێبەرکێیەکی سیاسیو تەنانەت سەربازی دان بەرانبەر بەیەك بۆیە لە نیو پەرلەماندا شەرەکەیان بەم شیوەیە رەنگ دەداتەوە. بەلام لە کوردستان پێکهینانی پەرلەمانو هەلبژاردن بۆ پەرلەمان لەسەر پایەی رێك کەوتنی یەکێتیو پارتی دامەزراوەو پیکهاتوە. کە ئەوان لەسەر گەندەلی کێشەیەکیان نیەو ریك کەوتون لەسەری، بۆیە پەرلەمان ناتوانێت جورئەتی ئەمەی هەبیت کە خواستیکی وا بداتە دەسەلاتدارانی حکومەت چونکە واقعەن پەرلەمانی کوردستان دامەزراوی حزبەو ئەندامەکانیشی فەرمانبەری حزبن..

**21-ئایا پەرلەمانی کوردستان تا چەند تەواوی مافی کەمە نەتەوەکانی تری داوە لە کوردستان؟**

**سامان کەریم:** دەکریٚ ئینسان چەند میتۆد بەکار بهینێت بۆئەوەی وەلامی ئەم پرسیارەی ئیوە بداتەوە. بەلام قەیدی نیە با من لیرەدا رەشنوسی دەستور بەکاربهێنم.... واتە گوێنادەمە مامەلەی رۆژانە لەگەلٚ ئەوەی کە ئیوە پێیان دەلین "کەمە نەتەوە کان" کە من هەر لەگەل بەکارهێنانیدا نیم.. واقعەن ئەگەر ئیمە کۆمەلگای کوردستانمان هەیە، یان خەلکی کوردستانمان هەبیت، ئیتر پێویست بەم بەکارهێنانە ناکات کە لەنیوخۆیدا راستەوخۆ هەلاواردن( تمییز)ی حەشاردوە.

هەر دەستورێك پروانگەیەکی سیاسیەو لە دارشتنی یاسایدا خۆلاسە دەبێتەوە. من کە سەرنج دەدەمە رەشنوسی دەستور، راستیەکەی بە دەستورێکی دەبینم کە کۆپی ئەوەی عیراق بیت... هەم قەومی‌یە هەم دینی‌یە... بەرۆشنی لەماددەو برگەکانیدا ئەمە هەست پیدەکەیت.. لە بوار دان بە مامەلەی باری کەسیتی بە پێی ئاینە جیاوازەکان تا دەکاتە ئەوەی ناوهێنانی نەتەوەکان لە دەستوردا... وە نەتەوەیی

یەکەم و دووەم.. ئەمە بۆخۆی ڕوانگەو بۆچونیکی ناسیونالیزمی قەومی کوردە... هیچ پەیوەندی بە پرنسیبی "مافی هاوولاتیبونی یەکسان"ەوە نیە، کە من پیم وایە باشترین پرنسیبە بۆ عیراق... ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەرنج بدەم.. پیم وایە تورکمان زمانەکان و ئاسوری و کلدانیەکان... بەپێی ناوەرۆکی دەستورەکە ناتوانن " هاوولاتیانی یەکسان" بن لە گەل باقی کورد زمانەکان کە دیارە زۆربەن...

## 22-هەڕشەکانی ئەم دواییەی تورکیا بۆ سەر کوردستان تا چەند دەتوانێت کار لە ڕەوشی ناوچەکەدا بکات وە هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق چی دەبێت؟

**سامان کەریم:** من پێم وایە هەڕەشەکانی جدین. دەبیت خەلکی کوردستان حسابی خۆی بۆ ئەم هەڕەشانە بکات. هەڕەشەکانی تورکیا دوای فەشەلی سیاسەتەکانی ئەمەریکا دێتە پێش، دوای ئەوە دێتە پێش کە لە چاو وولاتانی ناوچەکەدا وەکو ئیران وە وولاتانی عەرەبی... جیگاو ریگای لە ناوچەکەو بەتایبەت لە ئێراقدا هاتۆتە دواوە.. لەمبارەوە کەرکوک و پ.ک.ك دەکاتە بیانوی هەڕەشەو هەر هێرشێك، کە بە بڕوای من هیچکامیان بۆ دەوڵەتی عەسکەرتاری تورکیا نە فەورین و نە زۆر جدین. بەلام بیانویەکەو گویگری هەیە لە ناوەوەو لە دەرەوە.

هەڵویستی ئیمە، لەمبارەوە ڕۆشنە ئیمە ئەوەندەی یادم بێت 16 بەیان و ڕاگەیاندنی سیاسیمان هەیە تەنها لەدژی هاتنە ناوەوەی هیزەکانی تورکیا و لەمبارەوە هاوڕییانی ئیمە چەندین جار لە نیو تورکیادا دەرگیری موشکلە بون بەهۆی ئەم هەڵوێستە سیاسیەمانەوە. بۆیە ئێمە دژ بەهەڕەشەکانین و لەهەمانکاتدا مامەڵەیەکی واقعی و زیندوی لەگەڵدا دەکەین.

## 23-وەڵامدانەوەی ئەم هێرشانەی ئەم دواییەی تورکیا لەلایەن مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تا چەند لە جێگای خۆیەتی؟

**سامان کەریم:** ڕاستیەکەی لە جدی بونی وەڵامەکانی بارزانی پێویستە لەخۆی پرسیار بکەن و لێی پرسن ئەگەر تورکیا هیرشی کردە سەر خەلکی کوردستان، چی دەکەن؟ ئالیەتەکان چین وە چۆن دەکریت خەلکی کوردستان دیفاع لەخۆی بکات و بەپێی کام وەسیلەو کامە توانا؟! ئامادەیی خەڵکی کوردستان چەندە بۆ وەلامی بارزانی؟! لەکاتێکدا کە تا ئێستا ئەم دەسەلاتە کارەباو سوتەمەنی بۆ دابینەکردوە؟ مافی سیاسیشی بۆ بەرەسمی نەناسیوەو ڕیگای پێنادات بویرانەو ئازادانە ڕەئی خۆی دەربڕێت. لەم ڕوانگەیەوە من پێم وانیە خەڵکی کوردستان لەئاستی فراواندا بەدەم ئەو داوایەوە بێن.

بەلام بارزانی وەك رابەرێکی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد جار بەجار پێویستی بەوەهەیە هەستی نەتەوەیی جۆش بدات، بەتایبەت کە بزانێت ئەم هەستە بەرەو کەم بونەوە دەڕوات. ئەو هەڕەشانە بەشێك لەو ئامانجە دەپێکێت.

## 24- ئایا تا چەند ماددەی 140ی دەستوری هەمیشەیی عێراق جێبەجێکراوە؟

**سامان کەریم:** پیم وابیت هیچ.

## 25- چی بکرێت باشە بۆ ماددەی 140ی دەستوری هەمیشەیی عێراق؟

**سامان کەریم:** تۆ پرسیار لە کەسێك دەکەیت کە پێی وانیە ماددەی 140 چارەسەری کێشەی کەرکوك بکات. بۆیە من ناتوانم باس لەوە بکەم کە چی بکریت بۆ جێبەجیکردنی ئەو ماددەیە.

## 26-دوای کشانەوەی ئەمەریکا لەعێراق کورد کاری ئاڵۆزتر دەبێت لە پێناو چارەسەری کەرکوك و جێبەجێکردنی ماددەی 140 ڕای جەنابتان سەبارەت بەم مەسەلەیە چییە؟

**سامان کەریم:** پێش ئەوەی ئەمەریکاش دەرېچێت ڕاستیەکەی من پیم وانیە ئەم ماددەیە جێبەجیبکریت. ئەم باسە ئیتر باسیکی سیاسیەو پەیوەندی بەوەوە نیە ڕەئی من چیە لەسەر ئەم ماددەیە. من نازانم بەرپرسانی ئەمەریکا لەوانە خلیل زادو کروکر چی دەڵین لەگەل تاڵەبانی و بارزانی، بەلام ئەوەی کە لەباری سیاسیەوە من فکری لیدەکەمەوە، ئەمەریکا ئێستا لەگەڵ جێبەجیکردنی ئەم ماددەیە نیە.

من پیم وایە هیچ هێزیك لەو هێزانەی کە لەپرۆسەی سیاسی ئێستای عیراقدا بەشدارن لەگەل یەکێتی و پارتیدا لە بەغدا هیچیان جدی نین لە جیبەجیکردنمی ئەم بریارەو دیارە هەندیکیان بە ئاشکرا دژی دەوەستن و ئەوانی دیکەش لە بەر بەرژەوەندی سیاسی خۆیان بەئاشکرا ڕای ناگەیەنن..بەکورتی من پیم وانیە کە ئەو هیزانە هیچیان لەباری عەمەلیەوە ئیمزای خۆیان بدەن لەگیرانەوەی کەرکوك بۆ

سەر هەریمی کوردستان و ئەمەم بەوتار نوسیوەو لە هەفتەنامەی چاودێردا بلاوبۆتەوەپیم وابیت لە ژمارە 79دا. مومکنە کۆمەلیك هەنگاو بنێن و تەنانەت چەمچەمال و دوزو... بگەریتەوە بۆ سەر شاری کەرکوك.. بەلام ئەمە ناوەرۆکی ماددەی 140 نیە. مەسەلەکە ناوەرۆکی سیاسی ئەو هیزانەیە لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە بمانەویت یان نا کەرکوك بوعدیکی ناوچەیی و جیهانی هەیەو پێویستی بەریگا چارەیەکی دیکە هەیە.

## 27- رۆڵی لیستی هاوپەیمانی کوردستان چۆن لێکدەدەنەوەو پێتان وایە توانیویانە وەکو پێویست کارەکانیان ڕاپەرێنن لە بەغدا؟

**سامان کەریم:** پرسیارەکە بریك نارۆشنە. من دەلیم کاری کێیان راپەراندوە یان ڕانەپەڕاندوە؟ پاشان واقعەن پێتان وایە پەرلەمانیك لە بەغدا وجودی هەبیت؟ ئەوانە نەك نوینەری خەلك نین بەلکو لەخەلك دەترسن. ئەندام پەرلەمانیك کە لەخەڵك بترسیت و جورئەتی ئەوەی نەبیت تەنانەت وینەکەی خۆی بلاوبکاتەوە من نازانم بۆچی تەنانەت مۆری ناوی پەرلەمانیشی لیبدەم. کەواتە لیستی هاوپەیمانی لەنیو ئەوانەدا چی دەکات؟ ئەگەر لەمن پرسی خەلکی کوردستان یەك خواستی سەرەکیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کوردستان جیابیتەوەو دەولەتیکی تیدا پیك بێت، ئەمە خواستی سەرەکی خەڵکی کوردستانە. کەواتە ئەگەر مەسەلەکە نوێنەرایەتی خەلکە ئەوە ئەوان هیچ ئیشیکیان لە بەغدا نیە. با بفەرمون بێنەوە. ئەگەر مەسەلەکە بەرژەوەندی یەکێتی وپارتیە، ئەوەیان بەشیوەیەکی فراوان لەوەلامەکانی پێشودا هەیەو پێویست نیە دوبارەیان بکەینەوە.

## 28- کورد وەکو نەتەوەیەکە دابەشکراو نەك نەیتوانیوە خۆی یەکبخاتەوە، بگرە بەدرێژایی سالانی زۆربەی شۆرشەکان هێندەی خەریکی براکوژی بووە، هەر هێندەش بەرەنگاری دوژمنەکانی بۆتەوە، کێ لەمە بەرپرسە؟

**سامان کەریم:** پرسیارێکی گونجاوە. سەرەتا من باوەڕم وانیە کە ئەو شەرانە بە براکوژی ناو ببەم و تەنانەت لەباری زمانەوەیی و تەلوجیشەوە هەلەیە. چونکە ڕۆشنە ئەوەی کە برایەك برایەکی دیکەی دەکوژێت، حالەتیکی باو نیەو شازە، بەلام شەری نیوان حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی عادەتە. شەری نیوان ئەوان هەمیشە لەپیناو پاوانکردنی دەسەلاتی یەکتری دابوە، هەمیشە لە پیناو ئەوەدا بوە کە یەکێکیان ئەوی تریان بدات لەزەوی و خۆی بالا دەستی یەکەم بێت، جا ئەمەیان بۆمەیسەر بوە یان نا، مەسەلەیەکی دیکەیە.
من پیم وایە بزوتنەوەی کوردایەتی وەکو بزوتنەوەیەکی ناسیونالیزمی قەومی و هێزە بالا دەستەکانی ئەم بزوتنەوەیە لە ناوەرۆکدا ناتوانن ئازادی سیاسی بسەلمێنن. ناتوانن ئەوە بسەلمێنن کە دەکریت لە ریگای حیوارو دایەلۆگو دانیشتنەوە کێشە سیاسیەکانیان چارەسەر بکەن، ناتوانن ئازادی هەلسورانی ئەحزابی سیاسی بکەنە پرنسیبیکی کۆمەلایەتی، سەرنج بدەرە یاسای حزبایەتی لەکوردستان دەیان قەیدو بەندی تیدایە کە هەر هەموویان دژن لەگەل ئازادی سیاسیدا.. بۆیە خۆیان بەرپرسن.

## 29- دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لەم کات و ساتەدا چۆن دەبینیت؟

**سامان کەریم:** من خۆم بەخەباتکاریکی جدی دەبینم لە پیناو پێکهێنانی دەولەتیك لەکوردستان. دەولەتێك کە تیایدا مافە سیاسی و مەدەنی و فەردییەکان فەراهەم بکات لە ریگای دەستورە. دەولەتیك کە لەسەر پایەی مافی هاوولاتیبونی یەکسان دابمەزریت، دەوڵەتیك کە دین جیا بیت لە دەولەت و پەروەردەو خویندن، کە مافی ژن و پیاو بە یەکسانی بەرقەرار بکات... ئەم دەولەتە ناکریت دەولەتی کوردی بیت ئەگەرچی جوگرافیا سیاسیەکەی کوردستانە.
من پیم وایە، کە باشترین فرسەت، کە ئیستا دەتوانیت پیکهینانی دەولەت مسۆگەر بکات لە کوردستان لە ئارادایەو فەراهەمە. سەرنج بدەن، وولاتانی زلهیزی دنیا لەنیو خۆیاندا بە ئاشکراو بەنهێنی بەرامبەر بەیەك وەستاون، سیستەمیکی نویێ جیهانی لە ئارادا نیەو من پیم وانیە بورژوزای ئەمرۆی دنیا بتوانیت ریك بکەویت لەسەر سیستەمیکی نویی جیهانی، ئەمەریکا هەولی زۆری دا، بەلام رۆشنە کە فەشەلی هێناوە.بەم پێیە لە ئاستی دنیادا سیاسەت و ئابوریش لە ئەزمەیەکی زۆر قولدایەو ئاسۆیەکی لەبەردامدانیە بۆ چارەسەر کردن لەڕوانکەی وولاتانی زلهیزەوە... جیهانی ئیستای ئیمە جیهانی فەوزایە. لەلایەکی دیکەوە وولاتانی ناوچەکە هەریەکەیان دەرگیرن لەگەل گەورەترین کۆسپ و ئەزمەی سیاسی و ئابوری خۆیاندا.. ئیران و کێشە لەبن نەهاتوەکانی و تورکیا و کێشە هەمەلایەنەکانی، وولاتانی عەرەبی و ریسوا بونی ناسیونالیزمی عەرەبی و حکومەتەکانیان... ئەمانە دەکریت زەمینەی گونجاو بن.. لەهەمانکاتدا جیاوازی زۆر هەیە لە نیوان ئەوەی کە تۆ دەولەتیکی کوردی دروست بکەیت لەگەل ئەو دەولەتی کەمن باسم کرد. دەوڵەتی کوردی تورکیا و تەنانەت ئیران بۆیە لێی دەترسن چونکە دەبیتە هۆی جۆشدانی بیری نەتەوەیی کوردی وقولکردنەوەی کێبەرکێی قەومی لە ئاستی ناوچەکەدا.. بەلام دەولەتێك کە من باسم کرد لەسەرەوە بەپێچەوانەوە ئەو کێبەرکێیە لاواز دەکاتەوەو ئەو ترسەش دەرەوێنیتەوە کە لە لایەن ئەو حکومەتانەوە لە ئارادایەو هاو ئاهەنگی و هاوپشتیەکی بێوینەی تەواوی خەلکی کوردستان پیکەوە ئاویزان دەکات لەکاتیکدا کە بزانن هیچ جیاوازی و فەرقیك لەم کۆمەلگایەدا لەسەر پایەی قەوم و دین لە ئارادانیە.

بەلام ئەم ریگایەش بی دەردی سەر نیە. هەروەکو چۆن ئۆتۆنۆمی و فیدرالیەت بی دەردی سەر نەبون 47 سالە خەباتی بۆ دەکریت و هیچی بەهیچ نەکردوە. واتە تا ئێستا لەئاستی نیو نەتەوەیدا فیدرالیەتی هەریمی کوردستان نە دانی پیدا نراوە وە نە لەعیراقیشدا براوەتەوە.

**30- ئەنجوومەنی پارتە سیاسیەکان لەکوردستان پێکهاتووە، ئایا جەنابتان چۆن لەم ئەنجومەنە تێدەگەن؟.**

**سامان کەریم:** حەلقەیەکی زیادەو فۆرمالو مەشغولکردنی پارتە بچوکەکانی بن دەستی یەکێتیو پارتیە. لەهەمانکاتدا نیشانەی ئەوەیە، کە دەسەلاتدارانی کوردستان ناتوانن کاری مۆسساتیو یاسایی تەنانەت لە ڕوانگەی خۆشیانەوە پیادە بکەن.

**31- پێتان وایە ئەنجوومەنی سیاسی بتوانێت ببێتە هۆکارێکی کارا بۆ بەشداری لایەنە سیاسییەکان لە داڕشتن و بڕیاردانی سیاسی لە کوردستاندا؟ ؟**

**سامان کەریم:** نەخیر.

**32- ئایا دەسەڵاتی کوردی وەك پێویست توانیویەتی پرسی ئەنفال بە زیندوویی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ڕاگرێت و نەوەکانی پاش ڕاپەرینی لێ ئاگادار کاتەوە؟**

**سامان کەریم:** پیم وابیت هەردوو حزبی دەسەلاتداری ناسیونالیست، ئەنفال بۆ دوو مەبەست بەکاردەهێنن، کە هەردوکیان سیاسیە: یەکەمیان: بۆ بەهیز کردنی هەستی نەتەوەییو قولکردنەوەی کێبەرکێی قەومی، دووەم/ نیشان دانی ئەم خەمە گەورەو ئەم کارەساتە جەرگ برە ئینسانیە وەك شوناسیکی نەتەوەییو بەم پێیە سود وەرگرتن لیی لە ئاستی جیهانیدا...

ئەنفال کارو سیاسەتو کردەوەی بۆگەنترین جۆری ناسیونالیزم بوو، کە ناسیونالیزمی قەومی عەرەب بوو، بە ڕابەری حزبی بەعس. ئەو پرۆسێسە پرۆسێسێکی سیاسی بوو لە پێناو جینۆسایدی خەڵکی کوردستان دا لەسەر پایەی سیاسەتو دەستوریکی عروبی ئەو کات عێراق بووی. باسی زیندوو ڕاگرتنی ئەم تاوانە دژ بە بەشەرییەتە، لە زەینی نەوەی نوێی ئیمەداو بەشێوەیەك کە ئیمە لەشاشەی کەنالە ئاسمانیەکانی کوردستان تیڤیو کوردساتو زاگرۆسو تەلەفزیونە محەلیەکانەوە دەیبین، ئەوە ڕاگرتنی خەلکی کوردستانو لاوانی کوردستانە لە شینو شەپۆڕدا، لەخەمو مەینەتدا، لە کۆیلەتیو لاوازیدا، ڕاگرتنی ئەوانە لە سایەی ژێر دەستەیی "دوژمندا" وە دواجار بارهێنانی نەوەیەکی سەرشۆڕو ملکەچە.

لایەنیك یان کەسیك کە واقعەن دەیەوێت دەرس لە ئەنفال وەرگریتو بیەوێت نەوەی نوێ لە خەتەری دوبارەبونەوەی رزگار بکات پێویستە لە رەخنە لەناسیونالیزمەوە دەست پێبکات. تۆ ناکریت بەعسو حکومەتەکەی بکوتیتو تاوانباری بکەی بەبێ ئەوەی بەلای ئایدۆلۆژییو سیاسەتو فەرهەنگە کەیدا بچیت. بەبروای من ئەو سیاسەتەی دەسەلاتدارانی کورد لەبەرانبەر یادی ئەنفالدا گرتویانەتە بەر، لەبەرکردنی کراسی ڕەشە بۆ سەرتاپای خەڵکی کوردستان، بەلام بەبێ ئەوەی تاوانباری ئەصلی بناسن. تاوانباری ئەصلی صدام حسین نییە وەکو کەسیك، بەڵکو صدام حسین خۆی پەروەردەی قوتابخانەو ئایدۆلۆژیو سیاسەتێکە کە تیایدا گەورەبووەو جۆش دراوە پێی کە ناسیونالیزمی قەومپەرستی عەرەبە. تۆ ناکریت نقدی تیرۆریستێك بکەیت کە خۆی دەتەقێنێتەوە، چونکە تازە نقد بێسودە لەبەرانبەر فەنای فیزیکی ئەو کەسەدا، بەڵکو پێویستە دەست بەری بۆ ڕەخنەیەکی قوڵتری کۆمەلایەتی لە ئیسلامو ئیسلامی سیاسی بەبێ ئەمە ناتوانیت هیچ بکەیت بەرانبەر بە تیرۆریزم. سەرنج بدە بەریتانیا لانکەی دیموکراسیەو کراوەیی کۆمەلگایە، بەلام سیاسەتێك کە لەوی بەکاردێتو دیارە لە هەموو ولاتانی رۆژئاوادا، مەلتی کالچەریزمە، واتە فرە فەرهەنگی، ئەمە بۆتە یاساو کاری پیدەکرێت. مەلتیکالچەریزم بۆگەنترینو قیزەونترینو دواکەوترین سیاسەتێکە کە ئێنسانی هاوچەرخ دەرگیرە لەگەلیدا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوەو بەتایبەت لە سەرەتای هەفتاکانەوە. لە ژێر ناوی ریز گرتن لە مافی کەماتیەکاندا ئیسلامی سیاسی لە سایەی ئەم سیاسەتەدا گەشەیەکی گەورەی کردو ئێستا بەریتانیا بە دەستیەوە دەنالێنێت. لەهەلومەرجی ئەمڕۆدا کە ئیسلامی سیاسی نفوزو دەسەلاتی پەیدا کردوە، کردنەوەی مزگەوت مانای سیاسی زۆر ڕۆشنی هەیەو بە قازانجی ئیسلامی سیاسیە بتەویت یان نا.

بۆ ئەنفالیشو یادکردنەوەی بەهەمان شێوەیە، تۆ ناتوانیت تەنها بەنیشاندانی ئاخو ناڵەی پیرسالانو مندالان هیچ دەرسێکی نوێ بە نەوەکانمان بلێیت، بەڵکو زیاتر بە زەلیلی دەیان هێلێتەوە. دەسەلاتدارانی کوردستان ئەنفالیان لە هرزی نەوەی نویدا ڕاگرتوە، بەلام نەوەیەکی ئەنفالکراوی تریان دروستکردوە، کە ناتوانیت تەجاوزی ئەنفال بکات. ئەمە خەتەرێکی گەورەیە، پێویستی بەچارەسەری جدی هەیە لەلایەن هەموو ئینسانو لایەنێکی ئازادیخوازەوە.

**33- تا چەند کار بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئەنفال کراوە؟**

**34- دوا وتەی جەنابتان و راو سەرنجی جەنابتان سەبارەت بە ئاژانسی هەواڵی ناوخۆ NNA؟**

**سامان کەریم:** زۆر سوپاستان دەکەمو هیوادارم چاوپیکەوتنەکە وەك خۆی بلاوبکریتەوە. سەبارەت بە رەئی من لەسەر ئاژانسەکەتان، لەراستیدا موتابەعەم نەکردوەو دەکرێت ئەم پرسیارەم پاش ماوەیەکی دیکە لێبکریت بۆئەوەی بتوانم مونصافانە وەلام بدەمەوە.

تێبینی : **تکایە هەر وەلامیك لە ژێر پرسیارەکە بنوسریت زۆر مەمنونتان دەبم؟ تکایە وێنەیەکی نوێی جەنابتان لەگەڵ دیمانەکە بۆ رەوانە بکەیت زۆر سوپاست دەکەم؟**

**گەر پرسیارێك لەگەڵ بیروڕای جەنابتان نەگونجێت دەتوانیت وەڵامی نەدەیتەوە؟ وەلامی پرسیارەکان تا چەند موفەصل تر بێت باشترەو جوانتر دەبێت؟**

**لەگەڵ ئەو پەڕی ڕیزو سلاو بۆ جەنابتان**

**هەواڵنێر**